**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ٢٣ ) ساڵی ٢٠٠٩**

**یاسای هەڵوەشاندنەوە و لێکدانی هەندێ وەزارەت لە هەرێمدا**

به پێی ئەو دەسەلاّتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق) ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٨) لە ٢٦ / ١٠ / ٢٠٠٩ بڕیارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە (١١) ی ساڵی ٢٠٠٩
## یاسای هەڵوەشاندنەوە و لێکدانی هەندێ وەزارەت لە هەرێمدا

**ماددەی یەکەم:**

ئەم وەزارەتانەی خوارەوە هەڵدەوەشێنرێنەوە و هەموو کەل وپەل و ماف و ئیلتزامات و کاروباری کارمەندانیان دەدرێتە ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی بەپێی یاسا هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکات.

یەکەم: وەزارەتی مافی مرۆڤ.
دووەم: وەزارەتی کاروباری ناوچەکان لە دەرەوەی هەرێم.
سێیەم: وەزارەتی ژینگە.

**ماددەی دووەم:**

وەزارەتی گواستنەوە و وەزارەتی گەیاندن لە یەك وەزارەت لێکدەدرێن بە ناوی (وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن).

**ماددەی سێیەم:**

وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی دەرامەتە ئاوییەکان لە یەك وەزارەت لێکدەدرێن بە ناوی (وەزارەتی کشتوکاڵ و دەرامەتە ئاوییەکان).

**ماددەی چوارەم:**

وەزارەتی ڕۆشنبیریی و وەزرش و لاوان لە یەك وەزارەت لێکدەدرێن بە ناوی (وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان).

**ماددەی پێنجەم:**

وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی گەشت وگوزار لەیەك وەزارەت لێکدەدرێن بە ناوی (وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار).

**ماددەی شەشەم:**

وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتی پیشەسازی لە یەك وەزارەت لێکدەدرێن بە ناوی (وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی).

**ماددەی حەوتەم:**

ڕێکخستن و هەیکەلی وەزارەتە لێکدراوەکان بە یاسا ڕێکدەخرێنەوە، کار دەکرێ بەو پێڕەو و ڕێنماییانەی کە لە بارەیانەوە دەرچوون تا دەرچوونی ئەوەی جێیان دەگرێتەوە.

**ماددەی هەشتەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی و بڕیارێك ناکرێت گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسا ناکۆك بن.

**ماددەی نۆیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی دەیەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی دەرچوواندنیەوە جێبەجێ دەکرێ و لەرۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**
**٥ / گەلاڕێزان/ ٢٧٠٩ ی کوردی**
**٨/ ذالقعدة/ ١٤٣٠ ی کۆچی**
**٢٧ / تشرینی یەکەمی/ ٢٠٠٩ ی زایینی**

**هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە**

بەمەبەستی ڕێکخستن و کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان و لێکدانی هەندێ وەزارەت و ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە کابینەی نوێی حکومەتدا دەکرێت، بۆ زیاتر خزمەتکردنی کۆمەلاّیەتی خەڵکی کوردستان ئەم یاسایە دەرچووێنرا.